**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددەی (56) و ماددەی (53) یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 1992ی هەموار کراوو، لەسەر ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران بەرچاوی خستووە، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (12)ی رۆژی 2011/5/3، بڕیاری دانانی ئەم یاسایەیدا:

## یاسای ژمارە (5)ی ساڵی 2011
## یاسای دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی دادێن، واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**دووەم:** سەرۆکایەتیی وەزیران: سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**سێیەم:** دەزگا: دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**چوارەم:** سەرۆکی دەزگا: سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**پێنجەم:** جێگری سەرۆکی دەزگا: جێگری سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**ماددەی دووەم:**

دەزگایەك لە هەرێمدا بە ناوی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت و خاوەن کەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی وکارگێڕی دەبێت و بودجەی تایبەتیشی دەبێت و بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە گرێ دەدرێت.

**ماددەی سێیەم:**

دەزگا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنانی پەیوەندیدار، ئەم ئەرکانەی دادێن جێبەجێ دەکات:

**یەکەم:** پاراستنی ئازادیی گشتی و تایبەت بە گوێرەی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

**دووەم:** ئاسایشی دەزگاکانی دەستووری و یاسایی(پەرلەمان ، حکومەت ، دادوەری) لە هەرێمدا، هەروەها کەسایەتی و دەزگاکان و هی دیکە.

**سێیەم:** پاراستنی ئاسایشی کاری سیاسی و مەدەنی وپیشەیی لە هەرێمدا.

**چوارەم:** پاراستنی ئابووریی نیشتیمانی.

**پێنجەم**: مسۆگەر کردنی ئاسایشی فڕۆکەخانەو بەنداوو دامەزراوەکانی نەوت و دەروازەکانی سنوور.

**شەشەم**: پارێزگاری کردن لە کەلەپوورو کولتووری گەلی کوردستانی عیراق بە تێکڕای پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەوە.

**حەوتەم**: کۆ کردنەوەی زانیاری و دەست نیشان کردنی جموجۆڵەکان لەبارەی هەڕەشەی ناوخۆ بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی لە هەرێمدا و هەڵسەنگاندن و رووبەڕوو بوونەوەی.

**هەشتەم**: بەدی هێنانی ئاسایش وئارامیی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی تاوانی بەرنامەڕێژکراوەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەروەها نەهێشتنی تاوانی تیرۆر و مادده هۆشبەرەکان.

**نۆیەم**: مسۆگەر کردنی ئاسایش و سەلامەتی و نهێنیی گەیاندن و سەلامەتیی هاتن و چوون لە هەرێمدا.

**دەیەم**: پارێزگاری کردن لە شوێنانی خوداپەرستی و جێگەی ئایینی و دابین کردنی ئاسایشیان.

**یازدەیەم**: مسۆگەر کردنی ئاسایش و سەلامەتیی ناوەندەکانی گەشتیاری و جێگەکانی شوێنەوار و مێژوویی و شوێنەوارەکان.

**دوازدەیەم**: پاراستنی ئاسایشی خۆراك و تەندروستی لە هەرێمدا.

**سێزدەیەم**: پاراستنی شوێنی کارو بوونی رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی وکارمەندانی نێودەوڵەتی و پاراستنی شاندی دیپلۆماسی وشاندی دیکە، هەروەها نێردەی کونسوڵخانەکان و فەرمانبەران وئەندامانی خێزانەکانیان لە هەرێمدا.

**چواردەیەم**: بەدواداچوونی پرسی پەنابەر و کۆچبەر ونیشتەجێ بووان و میوانانی بیانی لە هەرێمدا.

**پازدەیەم**: ئاڵوگۆڕکردنی تاوانبار و تۆمەتباران و رادەست کردنی دۆسیەکانیان لە نێوان دەزگاکانی هەرێم و دەزگاکانی فیدرالدا، بە گوێرەی ئەو میکانیزمەی یاسا دیاریی دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم**: سەرۆکی دەزگا:

بە سەرۆکی باڵای دەزگا دادەندرێت و خاوەنی دەسەڵاتی کارگێڕی ودارایی وياسايی پێویست بە بەڕێوەبردنی دەزگایە و لە پلەی وەزیردا دەبێت و لە لایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە کاندید دەکرێت و بە مەرسوومی هەرێمی دادەمەزرێت.

**دووەم**: جێگری سەرۆکی دەزگا:

سەرۆکی دەزگا، جێگرێکی بە پلەی بریکاری وەزارەت دەبێت، لە لایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە کاندید دەکرێت و بە مەرسوومێکی سەرۆکایەتی هەرێم دادەمەزرێت و ئەو دەسەڵاتەش

پیادە دەكات كە لە لایەن سەرۆكی دەزگاوە پێی دەدرێت، ئەركەكانی سەرۆكی دەزگا لە كاتی ئامادە نەبوونیدا دەگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم**: ئەنجومەنی دەزگا پێك دێت لە:

1- سەرۆكی دەزگا – سەرۆك.

2- جێگری سەرۆكی دەزگا- جێگر.

3- بەڕێوەبەرانی گشتی – ئەندام.

4- ئەنجومەن بۆی هەیە لە كاتی پێویستدا پەنا باتە بەر شارەزایان، بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**دووەم**: ئەنجومەن كۆبوونەوەی دەوری دەبەستێت و بۆی هەیە لە كاتی پێویستدا كۆبوونەوەی نائاسایی گرێ بدات و بڕیارەكانیشی بە زۆرینە دەردەچن و لە كاتی یەكسان بوونی دەنگدا، ئەو لایەنە قبوولّ دەكرێت كە سەرۆك دەنگی لەگەلّ داوە.

**ماددەی شەشەم:**

**پێكهاتەكانی دەزگا:**

دەزگا بریتییە لە:

**یەكەم**: ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانەی دادێن:

1- بەڕێوەبەرایەتیی گشتی دیوان.

2- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش.

3- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش سیاسی.

4- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی هۆشبەر.

5- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسسایشی فڕۆكەخانەو دەروازە سنووریەكان دامەزراوەكانی نەوت و بەنداو.

**دووەم**: پەیمانگای پەرەپێدانی ئاسایش، ئەفسەرێك كە پلەكەی لە پلەی عەمید كەمتر نەبێت، سەرۆكایەتی دەكات و دەبێ بڕوانامەی بەكالۆریۆسی بەدەست هێنا بێت.

**ماددەی حەوتەم:**

**ئەركەكانی ئەنجومەنی دەزگا:-**

**یەكەم**: سەرپەرشتی كردنی بەڕێوە چوونی كارو، دەركردنی بڕیاری پێویست لەم بارەیەوە.

**دووەم**: دانانی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ دەزگا، بە هەماهەنگی لەگەلّ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم.

**سێیەم**: بڕیاری پێکهێنان یــان هەڵوەشــاندنەوە یــان لێکــدانی بەڕێوەبەرایەتییەگشــتییەکان و بــەش و هۆبەکانی گرێ دراو بە دەزگاوە لـە کاتی پێویستدا.

**چوارەم**: ئامادە کردنی بودجەی دەزگا

**ماددەی هەشتەم:**

**کاروباری دەزگا:-**

**یەکەم**: دامەزراندنی بەڕێوەبەرانی گشتی لـە دەزگا لـە لایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانــەوە بــە گوێرەی یاساکانی کار پێ کراو دەبێت، بە مەرجێك شارەزایی وپسـپۆری و سـاڵانی راژەو دەست پاکی رەچاو بکرێن و پلەشیان لـە پلەی عەمید کەمتر نەبێت.

**دووەم**: بەڕێوەبــەران لــە دەزگــادا لــە لایــەن ســەرۆکەکەیەوە بــە راسـپاردەی ئەنجومــەنی دەزگــا دادەزمەزرێن، بە مەرجێك لـە هەڵبژاردنەکەدا شارەزایی وپسپۆری و ساڵانی راژەو دەســت پاکی رەچاو بکرێن و پلەشیان لـە پلەی موقەدەم کەمتر نەبێت.

**سێیەم**: ژمێریاریی دەزگا لە ژێر وردبینی و چاودێریی لیژنەیــەکی تایبەتــدا دەبێــت، کــە لــە لایــەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ئەو مەبەستە پێك دەهێندرێت.

**چوارەم**: هەموو ئەو یاسایانەی بەسەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا پەیڕەو دەکرێن، بەسەر ئەفســەرو کارمەندانی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانیشدا پیادە دەکرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

سەرۆکی دەزگا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسـایەو پــەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە دەزگاکە دەربکات.

**ماددەی دەیەم:**

خزمەتکردن لـە دەزگاکەدا و مەرجەکانی وەرگرتن تێیدا، لـەســەر بنــەمای لێهــاتوویی و شــیاوی و دەست پاکی دەبێت (الكفاءة والمؤهلات و النزاهة)، بەبێ گوێدان بە بنەماکانی ناسنامەی نەتــەوەیی و ئایینی وسیاسی.

**ماددەی یازدەم:**

یاسای دەستەی گشتیی ئاسایشی هــەرێمی کوردســتان ـ عــێراق ژمــارە (46) ی ســاڵی 2004ی ئاسایشی هەڵدەوشێتەوە.

**ماددەی دوازدەیەم:**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لـەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکوك بێت.

**ماددەی سێزدەیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چواردیەەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) دا کاری پێ دەکرێت.

**محمد قادر عبدالله**
**(د. کەمال کەرکووکی)**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**هۆیەکانی دەرچوون**

پالپشت بە رەوتی دیموکراسی و دامەزراوەیی کە گەلی کوردستان باوەڕی پێیەتی و بۆ بەدەنگەوە چوونی هەموو خواستێکی هاوولاتیانی هەرێم لە رووی دەستەبەر بوونی ئاسایش و ئارامی و ئازادی و خۆشگوزەرانی، بۆ رێکخستنی ئەرك و دەسەلات و پسپۆرایەتی وپێکهاتەکانی دەزگاکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان و لە پێناو چەسپاندنی کۆلەکەکانی سیستەمێکی ئاسایش نیشتیمانیی کارا و رێك و پوخت، هاوشان بێت لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئاسایشی ناوخۆو دەرەکیی، بە گوێرەی بنەماکانی دەستوورو یاساو دیموکراسی و پەیماننامەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان باوەڕی پێیانە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 15 ی سالی 2011 لەلایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.